# ڕۆژنامە ئەهلییەکان.. ئیتر دەرمەچن..!!

## وەلاّمێکی سەرپێی بۆ کاروان عەلی

ڕامان حەسەن - کەنەدا

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، کاتێك وەك ڕۆژان سەردانی سایتە ئازیزەکەی کوردستان نێتم کرد، بابەتێکم بەرچاو کەوت لەژێر ناونیشانی (باش ڕۆژنامەنووسەکانی ئێرە) کەبەقەڵەمی (کاروان عەلی) ناوێك نووسراوە. لێرەدا دەمەوێت بەکورتی چەند سەرنجێکی خۆم لەسەر ئەم بەناو بابەتە بدەم. هەرچەندە من خۆم بەڕۆژنامەنووس نازانم، بەلاّم بەشانازییەوە دەڵێم کەڕۆژنامە خوێنەرەوەیەکی زۆر باشم و سەرجەم ڕۆژنامەو بلاّکراوەکانی کوردستان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەخوێنمەوە.

هەرلەیەکەمین دێڕی بەناو بابەتەکەی و لەچەند ووشەی سەرەتایدا ناوبراو بێشەرمانە مەبەستی خۆی دەرخستووەو، هەموو مەبەستیشی ئەوەیە کەسومعەی ڕۆژنامە ئەهلییەکانی سلێمانی لەکەدار بکات، ئێ باشە کوڕی باش بەویژدانی خۆت، تۆ لەکوردستان و منیش لەم ولاّتە دوورە، ئێستا (کوردستانی نوێ و برایەتی) باشتر دەچنە نێوجەرگەی کێشەو گرفتە کۆمەلاّیەتییەکان و باشتر زمانی خەڵکن، یان (هاولاّتی). باشە کەجەنابت دەڵێی (ئەوەی لەڕۆژنامەگەری ئەهلیمان چاوەڕێ دەکرد وادەرنەچوو) واتە تۆ بەجارێك هەرچی ڕۆژنامەی ئەهلییە کردوتنەتە هیچ ، کەبێگومان هەردەبێ واش بلێیت، چونکە بەڕاستی ڕۆژنامەیەکی ئەهلی وەك (هاولاّتی) یان ئەوانی تریش بەوشێوەیە نین کەجەنابت چاوەڕێت لێدەکردن و دەتوویست وەك خۆت ئەم ڕێچکەی ماستاوکردن و کوێرانە بەرگریکردنە هەلبژێرن، کەلەچەند دێڕێکی دوای ئەمەشدا بەئاشکرا بەرگری خۆتت لەڕۆژنامە حزبییەکان دەربڕیووە، من دەمەوێت

تەنها ئەوەندە بڵێم: (كاك كاروانی بەڕێز.. ڕۆژنامە ئەهلییەكان ڕۆژنامەن و ڕۆڵی دیارو بەرچاوی خۆیان هەیە، ئەوە (هاولاتی)، ئەوە (رای‌گشتی)، بەلاّم جەنابت ڕۆژنامەنووس نیت و هیچت پێ نییە، كەوەك خۆت گوتووتە هەندێك تەنها بۆ كاسبی كردن و خۆژیاندن دەیكەن، ئەم وتەیەی خۆت تەواو لەسەرخۆتت نووسیوە، ئەگەرنا ئەوا گریمان ڕۆژنامەی ئەهلی هیچ نییەو وەك ئەوە دەرنەچوون كەتۆ چاوەڕێت دەكرد، ئێ خۆ جەنابت وەك لەبرادەرێكی نزیكم پرسیار كردووە، لەڕۆژنامەیەكی حزبی كاردەكەیت، ئەی لەو ڕۆژنامە حزبییە كامەیە قەڵەمەكەی تۆ؟ كامەیە ڕۆڵی تۆ؟ كامەیە بابەتە سەرنج ڕاكێشەكانی تۆ؟ كامەیە ڕۆژنامەنووسیو ئیمكانیاتەكەی تۆ؟ تەنانەت ئەوەندەشت پێ ناكرێ كەوەك ئەم بەناو بابەتەت كوێرانەو تەنانەت دوور لە(ڕاو بۆچوونی حزبەكەی خۆشت) بەشان و باڵی حزبەكەتدا هەڵبدەیت؟ كەچی لێرەشدا شەلم كوێرم ناپارێزم كەوتویتە وێزەی ڕۆژنامەی ئەهلیو وەك خۆت گوتووتە وادەزانی ئاوی دەریا بەدەمی سەگ گلاّو دەبێت.

دواتر كاك كاروان باس لەوە دەكات كەگوایە (ئەو ڕۆژنامانە ئەو ئازادییەیان قۆستۆتەوە كەیەكێتی لەكوردستان بۆی ڕەخساندوون و بەمانشێتی گەورە دژی حكومەت دەنووسن و هەرچی سلبیاتێتی بەزیادەو بلاّوی دەكەنەوەو كارەباشەكانیشی باس ناكەن)، باشە بەڕێزم.. نەدەبوو ئەم وتە چەند بارەوە بووە بەكار بهێنیت، من پێت دەڵێم هیچ حزبێك ئازادی بۆ خەڵك دەستبەر نەكردووە، بەڵكو ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵكی كوردستان لەبەهاری ١٩٩١دا ئەو ئازادییەی بۆ فەراهەم كردوون، بەپێچەوانەوە بگرە حزبەكان زۆرێك لەئازادییەكانی ئەو خەڵكەشیان داگیركردووە، پاشان خۆ هەر دووانی وەكو جەنابتە دەڵێن حكومەتی هەرێم مۆدێرنەو لەگەڵ ڕەوڕەوەی سەردەم دەگوزەرێ، ئێ ئەگەر مۆدێرنە چ كاری بەوە هەیە ڕۆژنامەیەكی ئەهلی چی دەنووسێ، جگە لەوەش ئەگەر حكومەت هەر كارێكی باش بكات چ پێویستی بەوەیە كەڕۆژنامەی

ئەهلی بلاَوی بکاتەوە، چونکە حکومەت هەر کارێکی باش بکات، لەلایەکەوە وەکو ڕۆژی ڕووناك دیارەو لەلایەکی تریشەوە ئەوەندە ڕۆژنامەی حزبیو نیمچە حزبی هەیە کە ئەو کارە باشانە بەمنەتەوە بلاَودەکەنەوە، ئەوا هەر بەر ڕۆژنامە ئەهلییەکان ناکەوێت. پاش هەموو ئەوانەش پێم وانییە ئەم وتەیەی جەنابت ڕای حکومەتی هەرێم بێت، چونکە ئەگەر ئەوە ڕای حکومەت بووایە ئەوا خۆی ئیجرائاتی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە ئەهلییانەدا دەکرد کەجەنابت ئەوەندە بەتێکدەرو خائینیان دەزانیت.

پاشان لەپەرەگرافێکی تردا دەڵێت: (هەندێك لەسەرنووسەری ئەو ڕۆژنامانە فەرمانبەری وەزارەتێکن و مووچەیەکی باشیشی لێوەردەگرن..). ئێ باشە، بۆچی ئەوەی سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ئەهلی بوو، ئیتر نابێ موچەیەك لەحکومەت وەربگرێ..؟ یان ئەوەی سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی ئەهلی بوو، ئیتر نابێ بژی؟ ئەی خۆ جەنابیشت لێرەدا خۆت لێ کردووینەتە ڕۆژنامەنووسێکی ئازادیخوازی عەیارە (٢٤)و کەچی هیچ شەرمیش ناکەی کەلەڕۆژنامەیەکی حزبی مووچەیەکی زۆر باش وەردەگریت، ئەگەر زەویو ئیمتیازاتی تریشت وەرنەگرتبێ. ئەمە لەکاتێکدایە کەژنی واهەیە کەمێردەکەی ئەنفال کراوە، ڕۆژ تا ئێوارە لەکارگەی خشتی قوڕی شۆڕش قوڕ دەشێلێو پاڵ بەعەرەبانەوە دەنێ لەپێناوی تەنهاو تەنها (١٠) دیناردا، جا کاك کاروان تۆ موستەحقتری بۆ ئەو موچە باشە، یان ئەو ژنەی کەڕۆژ تائێوارە ئەوە پیشەیەتیو شەو تابەیانیش بەدیار منداڵەکانیو لەچاوەڕوانی مێردەکەیدا فرمێسك هەڵدەڕێژێ؟ یان کاك کاروانی بەڕێز، تۆ نەدەبوو باس لەم سەرنووسەرانە بکەیت، چونکە هەر هیچ نەبێ ئەوانە جێ دەستێکیان دیارە، خۆ هەر هیچ نەبێ دوو هەواڵ و دوو بابەت لەسەر دڕندەیی ڕژێمی بەعس بلاَودەکەنەوە، دەبوو باس لەو هەموو کۆنە بەعسییە بکەیت، کەئێستا لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا دامەزراون و مووچەیەکی زۆر باشتر لەو سەرنووسەرانە وەردەگرن و کەسیش نییە لێیان بپرسێتەوە کەئایا بۆچی دوێنێ بەشان

و باڵی رژێمی بەعسی ئەنفالچیدا هەڵیان داوەو هەزاران هەزار بوختانیان داوەتە پاڵ شۆڕشی کوردی.. کەڕەنگە تائێستاش هەندێك لەو کۆنە بەعسییانە هەر دڵیان بەکۆنە هەوارەکەیانەوە بێت.. خۆزگە من دەمزانی کە کاك کاروان مەبەستی لەکێیەو ئەو کەسە کێیە کەئەو بەو شێوەیە ناوی دەبات.

لەچەند دێڕێکی تردا ئەو برادەرە دەڵێت؛ سەرنووسەری واهەیە نەخوێندەوارو کۆڵەوارەو (حەیاتم) بە(عەیاتم) دەنووسێت، منیش دەڵێم: هەموو رۆژنامەنووسیو رۆشنبیرییەکەی تۆ لەو ئاستەدایە کەبێیتە سەر ئەوەی گاڵتەجارِی بەوە بکەیت خەڵکی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بەچ شێوەیەك قسە دەکەن و جیاوازیان چییە لەگەڵ ناوچەیەکی تر.. ئافەرین ئەی رۆشنبیرو ئەی رۆژنامەنووس و ئەی داکۆکیکەرو خەمخۆری حکومەتی هەرێم.. گەر جەنابت داکۆکیکەری یەکەم ئەزموونی حکومەتی کوردی بیت و ئاوا جیاوازی لەنێوان ناوچەکاندا بکەیت، وەك خۆت دەڵێیت خوا رەحم بەرۆشنبیریو رۆژنامەنووسیو نەوە تازە پێگەیشتووەکانمان بکات کەچاوەڕوانی قەڵەمە سەیرو سەمەرەکەی جەنابتن شتێکی لێوە فێربن..!!

لەدواهەمین دوو دێڕی بەناو بابەتەکەیدا کاك کاروان دەڵێت، بۆ وامان لێدەکەن پیشەکەمان لەبەرچاو بکەوێت..!!!! خەڵکینە سەرنج بدەن، وشەی (پیشە)، باشە ئەوەندەی من شارەزام تائێستا نەم بیستووە بەرۆژنامەنووسی بووترێت (پیشە) کاك کاروان رۆژنامەنووسی پیشەیە یان هونەر؟ جا جەنابت کەئەمرۆ خەریکی ئەو پیشەیەیت، ئەوا برادەرانە پێت دەڵێم: زوو بەزوو فریای خۆت بکەوەو پیشەیەکی تر بدۆزەرەوە، جا ئەو پیشەیەش بێت کەلەسەر عەرەبانەیەك و لەسەر شەقامێکی یەکێ لەشارەکاندا هاوار بکەیت (ئەوەیە تەماتەی تازە) (هەڵبەت لەگەڵ رێزو خۆشەویستی و شانازی زۆرم بۆ ئەو هاووڵاتییە بەرێزانەی کەعەرەبانچێتی پیشەیانە) چونکە ئەم پیشەیەی کەجەنابت ئێستا خەریکیت، هەموو کەسێك دەرەقەتی نایە.. نموونەش ئەوە

جەنابتی.. کەڕەنگە چەند مانگ جارێك بەیارمەتی چەند کەسێکی تریش چەند دێڕێك بنووسیت.. ئەمەش نموونەی باشترین نووسینتە.. ئیتر دەڵێم باخەڵك خۆی حوکم بدات.

خوێنەری بەڕێز: حەزم دەکرد پەرەگراف بەپەرەگراف و دێڕ بەدێڕ وەڵامی ئەو بەناو بابەتە بدەمەوە، بەڵام بەباشی نازانم وەك کاك کاروان لەوە زیاتر سەری تۆی بەڕێز بئێشێنم..

لەگەڵ ڕێزمدا

ڕامان حەسەن

کەنەدا

**raman968@yahoo.com**